کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# ئایا بە ڕاست ڕەفعەت هەڵەبجەیی بەو شێوەیەیە؟!...وەڵامێک بۆ لانە عەلی

*عەلی کوردستانی/ئەمریکا*

سەرەتا ئەوەی کە هانیدام ئەم نوسینە بنوسم ئەو نوسینە پڕ هەڵەیەیە کە لانە عەلی ناوێك لە کوردستان نێتدا لەسەر نوسەر ڕەفعەت هەڵەبجەیی نوسیویەتی کە من وێڕای ڕێزم بۆ ئەو خانمە بەڵام نوسینێکە تا سەر ئێسقان پڕە لە چەواشەکاری، پڕە لە درۆی هەڵبەستراو. نوسینێک کە بەئەندازەی گەردێک ڕاستی تێدا نییە.

من لەگەڵ سەرجەم بۆچونەکانی ڕەفعەت هەڵەبجەییدا نیم ، وە ئەڵبەت هەندێ نوسینیشی بێئەندازە ڕاستە و قبوڵمە وە هەندێکی تریشی پێم قبوڵ نییە ئەوە بابەتێکی ترە وە ئەوەش بە ئازادی خۆمی ئەزانم کە هەندێک بۆچوونم پێ پەسەند بێ و هەندێکی تریشم قبوڵنەبێ نەک وەک هەندێ خوێنەری دۆگما کەهەر لەسەرەتاوە ووتارێک پەسەند بکا و وتارێکیش ناپەسند، یان چاوەڕێی خاڵکانی تر هەبن بیریان بۆ بکەنەوە لەبری ئەوان، یان لەوەش کارەساتتر چاوەڕێی حیزب بن بزانن چی ئەڵێن سەبارەت بەو نوسەرە پاشان نوسینەکەی قبوڵ بکەن. بەڵام من قەت ئەوە قبوڵناکەم کە ئیتهامی درۆ بدرێتە پاڵ کەسێکی کوردپەروەری وەک ڕەفعەت هەڵەبجەیی، کەسێکی قوربانیدەری وەک ڕەفعەت هەڵەبجەیی.

ئەو خانمە ئاماژە بە پەروەردەی تەندروست و ناتەندروست ئەکا، وە بیرکردنەوەی ڕەفعەت هەڵەبجەیی ئەگەڕێنێتەوە بۆ پەروەردەی ناتەندروستی باوک و باپیری !!!! پێش هەموو شتێ بۆ بیرکردنەوە لەسەر هەڵوێستە نیشتیمانییەکان گرێبدرێنەوە بە پەروەردەی سایکۆلۆژی؟؟ باشە خانم تۆ چۆن ئەزانی و بە چ پێوەرێکی سایکۆلۆژی باوک و باپیری ڕەفعەت هەڵەبجەیی دژ بە یاساکانی سایکۆلۆژی ڕەفعەت هەڵەبجەییان پەروەردە کردوە!!!! وە پرسیارێکی تر ئایا باوک و باپیری کوردی بە ئێستاشەوە لەسەر بنەما تەندروستەکانی سایکۆلۆژی منال گەورەئەکرێ؟؟؟ لە کۆمەڵگایەکی پیاوسالاری، گەندەڵی، بێیاسای وەک کوردستانە بێکەسەکەی خۆماندا چۆن باس لەوە ئەکەی کە باوک و باپیری تەندروست هەبن لە رووی سایکۆلۆژییەوە بۆ

گەورەکردن و پەروەردەکردنی نەوەکان!!!! لەوەش دەرچێ بیرکردنەوەی مرۆڤ ڕاست بێت یان هەڵە چ تاوانێکی باوانی تێدایە، ئەوە تەنها لە کەڵچەری بەعسیزمدا ئەوە هەبوو ئەگەر کەسێک دژ بە بەعس بوو بچۆ باوک و باپیری و پورزاکانی و ئامۆزاکانی بگرەو بیخە زیندانەوە، تەنانەت دراوسێ ماڵەکەیان و دراوسێ دوکانەکەشیان بگرە.

من نەک هەر قبوڵی ناکەم ئەو جۆرە قسانە بدرێتە پاڵ ڕەفعەت هەڵەبجەیی بگرە پەنجەش ئەکەم بە چاوی ئەو کەسەی کە بە کوردێکی دڵسۆز بڵێ خایین... ڕەفعەت هەڵەبجەیی پاش تەمەنێکی زۆر و دابرانێکی زۆر ئەگەڕێتەوە بۆ زانکۆی سەلاحەدین و بەو تەمەنەوە  ئازایانە کۆلێجی یاسا تەواو ئەکا دابڕانەکەشی بەهۆی ئاوارەبوون و کیمیابارانی شاری هیلاک و ماندووی  هەڵەبجە وەبوو. ئاخر نۆکەرانی بەعس قەت خۆێندنیان لە کیس نە ئەچوو، ئەوان بۆیە نۆکەریان ئەکرد بۆ ئەوەی شەهادە و خۆێندنیان باش بێ، ئیتر ڕەفعەت هەڵەبجەیی کەی و لە کوێ نۆکەری کردوە بۆ بەعس؟؟؟ ئەوە نەک هەر درۆیەیەکی شاخدارە بگرە ئەو درۆیە باڵداریشە و ئەفڕێ.

درۆیەکی تریش ئەوەیە کە بەرنەکەوتنی ڕەفعەت هەڵەبجەیی ئەبەسێتەوە بە بەعسی بوونیەوە!!!! کەواتە بەرنەکەوتنی سەدان خێزانی هەڵەبجەییی کەوا ئێستاش دانیشتوی هەڵەبجەن هەر بەعسی بوون. بە واتایەکی تر ئەوەی بەرکەوتبێ کوردە و ئەوەی تریش بەعسییە.  من ئەمە بەجێ ئەیەڵم بۆ ئەو خەڵکە رزگار بوانەی کیمیاباران و ئەنفال کە ئەم خانمە ڕزگاربوونیان ئەبەستێتەوە بە بەعسیبوونیانەوە. تکا ئەکەم لە خۆێنەران ئەو نوسینە باش بخۆێننەوە چونکە بەراستی بێویژدانییە و نامەردییە کە لە خۆڕا بە کوردێکی بێدەرەتان و قوربانیدەر بڵێ بەعسی.

http://kurdistannet.info/2007/5-2007/26-5/rafet.pdf

بەڕێزم ....ئەگەر هاووشاری ڕەفعەت هەڵەبجەیییت ئەوە بۆ نایەیت باسی ئەو شۆڕشگێڕانە بکەی کە ئاڵتونی دەستی ژنە کیمیاویبارانکراویان دەرئەهێنا، کە پەنجەیان ئەبڕی بۆ مستیلەیەک، کە گوارەیان لە گوێ ژنە قۆربانییدا دەرئەهێنا...ئەوە بۆچی ئەوانە ناو نابەی بە خایین؟؟؟ ئەی ئەو کەسانەی کە نەیان ئەهێڵا خەڵکی هەڵەبجە لە شار دەربچێ و ئەیانووت ئەبێ پارێزگاری

بکرێ و پاشانیش پاش دزینی ئاڵتونی ژنە قوربانیەکانی هەڵەبجە وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوون و ئێستاش سونبلی کوردایەتیین. خۆ ڕەفعەت هەڵەبجەیی ئەو سەردەمە نە جاش بوو نە شۆڕشگێڕ، ئەو سەردەمە ڕەفعەت هەڵەبجەیی لەگەڵ خەڵکە ڕەشوڕووتەکەیا شاخەو شاخیان ئەبڕی، تا لەلایەک هەم لەدەست کیمیاوی ڕزگاریان بێ لەلایەکی تریشەوە لەدەست شۆڕشگێڕەکان، تا سەرئەنجام ئەوەی بە هانای هەڵەبجەییە بێدەرەتانەکان هات دوژمنی گەلەکەمان بوو کە ئەویش ئێران بوو.

خانمی بەڕێز...جەنابت ئەگەر هاووشاری ڕەفعەت هەڵەبجەییت ئەوا من نەک هەر هاووشاری ڕەفعەت هەڵەبجەییشم بگرە هاوڕێی زانکۆ و هاوڕێ ژیانی تەلەبایەتی زانکۆی سەلاحەدینی ئەویشم. ئەو ژیانەی کە ئەکەوێتە نێوان سالانی 1992-بۆ 31ی ئاب . سالانی شەرە خۆێناوییەکانی دەسەڵاتی کوردی، سالانی کورد کوژی. ئێمە لەو سالانەوە بوێری و کوردپەروەری ڕەفعەت هەڵەبجەییمان ناسیوە، ئەوەی هاو کلاس و هاو تەمەنی ئەو سەردەمەمان بێ چاک ئەوە ئەزانێ کە ڕەفعەت هەڵەبجەیی هەمیشە دەنگێکی زوڵاڵ بووە دژ بە دەسەڵاتی گەندەڵ، هەمیشە قەڵەمێکی بوێر بووە دژ بە بەعس و بەعسیزم و نۆکەرانی بەعس.

ئەو سەردەمانەی کە ڕەفعەت هەڵەبجەیی نوسینەکانی بە دزییەوە ئەخۆێندەوە بۆ ئێمە کە چۆن دژ بە براکوژی و دەسەڵاتی گەندەڵ نوسیوییەتی تەنها ئاشکرا بوونی ووتارێکی بەس بوو بۆ ئەوەی لە زیندانەکانا تووند بکرێ، ئێتر کەی و لە کۆێ ڕەفعەت هەڵەبجەیی چوەتە نێو دەزگاکانی ئاسایشی پارتی و یەکێتیەوە!!!!

منیش وەک ئەو خانمە لە کۆتاییدا ئەڵێم دەریا بە دەمی سەگ پیس نابێ، بەڵام کێ دەریایە و کێ سەگە؟؟؟ ئەوە ئەو پرسیارەیە کە وەڵامەکەی لای میللەتی کوردە نەک دەسەڵاتدارانی کورد.

alikurdustani@yahoo.com